# بۆچی لە بازگەی تاسلوجە بەگەورەیی نانووسن

## ( لەم شارەدا قسە کردن لەسەر سیاسەت قەدەغەیە)

**مستەفا باهر**

**2005.5.11**

ماوەیەکە نارەزایەتێکی جەماوەری فراوان رووبەرووی یەکێتی نیشتمانی بووەتەوە, هەر لە رێپێوانی مامۆستایان تاوەکو کاسبکاران و کرێکاران, بەڵام لە هەمویان زیاتر ئەو نارەزایەتی یە کە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی سلیمانیەوە رووبەرووی بووەتەوە , دەسەڵات داران هەرچەندە لە سەرەتادا ویستان ئەم نارەزایەتیە سەرکوت بکەن بەهەرەشەو چاو سورکردنەوە ,هەتا کار بەوەگەشت دەستیان کرد بە تەقەکردن لە خویندکارانی هەولێرلە بازگەی بانیمقام وە ناچار کردنیان بەگەرانەوە بەرەو هەولێر.

دەسڵات دارانی یەکیتی بۆ کپ کردنەوەی ئەم نارەزایەتیە ناچار بەوە بوون کەبەلین بەخویندکاران بدەن کە داواکاریەکانیان بۆ جیبەجی بکەن .بەڵام بەلینەکانی یەکیتی وەك کاری هەمیشەیان نەچووە سەر بۆیە خۆیندکاران رۆژی 4 \ 5 \ 2005 رێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەری خست وەداوایان لە دەسڵات داران کرد کە تەواوی داواکاریەکانیان بۆ جی بەجی بکات, وەدەست هەلگرن لە گەندەلی ئیداری و بازرگانی کردن بە زانستەوە.

هاوری ( بهادالدین وەستا بکر).ناسراو بە ریبوار عارف سکرتێری سەرتاسەری فیدراسۆنی پەنابەرانی عێراقی لە دەرەوە وە لێپرسراوی دادگای صدام و سەرانی بەعس وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد, هەرچەندە وتەکەی هاوری ریبوار بووە مایەی خۆشحالیو پێشوازی کردن لە لایەن خویندکارانەوە, بەڵام ئەو ووتەیە دەسڵات دارانی نیگەرانکرد, بۆیە ئاسایشی سلیمانی بەعس ئاسا براکەی دەگرن وەك بارمتە تاوەکو ریبوار خۆی بەدەستەوە بدات.رۆژی 5.5.2005 ریبوار دەچیت بۆ ئاسایش وەلەوی زیندانی دەکەن.

ئەوەی جیگای سەرسورمانە یەکیتی نیشتمانی رۆژانە لە دەزگای راگەیاندنەکانیەوە باسی ئازادی سیاسی و رادەربرین و مافی مرۆڤو دیموکراتیەت دەکا.هەرچەندە ئەم قسانەی یەکیتی لە لایەن جەماوەری کوردوستانەوە روونە کە جگە لەقسەی پرو پوچ هیچی تر نیە,چونکە هەمو دەزانن ئەمانە هەر لە 1966 ەوە سیاسەتی نەگۆریان نۆکەری وبەکرێگیراوییو کلکایەتی کردن بووە. ئامادەبوون دەست لەملی سەرانی هەموو دەولەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و دونیا بکەن, تاوانبارێکی خاوەن دەسڵات نەماوە بەخزمەتی نەگەن.

لەوماوەیشەوە کە حوکم رانی سلیمانی دەکەن چەندەها تاوانیان ئەنجام داوە هەر لە کوشتنی علی بۆسکانی, حەمەی حەلاق و هاوریکانی, کوشتن و بریندارکردن و سەرکوت کردنی ئەوانەی کە لە رێپێوانی 13.6.1994کە بۆ خاك سپاردنی عسمانی قالە منەوەر بەشداریان کردبوو.سەرکوت کردنی رێپیوانی خانوە بی تاپۆکانی سلیمانی و وە کوشتنی بکر علی شاعیر, کوشتنی 5 ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە رۆژی رووناك و بە بەرچاوی دانیشتوانی خەلکی سلیمانیەوە. لەژێر سایەی دەسڵاتی ئێوەدا بە 100دان کەس لە ئەندامانی پارتە کوردیەکانی ئیران لەسلیمانیدا تیرۆر کران.کارەبای شاری سلیمانیتان بری و پاسدارتان هینایە سەر مقەرەکانیان, ئەگەر لەسەر مێژووی رەشی ئیوە بنوسرێت هەزاران لاپەرەی دەویت..

ئێوه بەعس ئاسا دەتانەویت چوك بە هاوری ریبوار عارف دابنەوینن  بەرائەتی پی پر بکەنەوە,بەلام خۆتان باش دەزانن کە دەزگا سەرکوت کەرەکانی بەعس نەیانتوانی چوك بەریبوار عارف دابنەوینن بۆیە ناچار بەوە بوون کەو حوکمی لە سێدارەدانی دەرکەن,

ئیوەیەك کە نەتوانن تەحمولی 5 دەقیقە قسەی کەسێکی ئازادی خوازی وەك ریبوار عارف تحمول بکەن , چۆن دەتوانن ئەندامان و کادرانی ریزەکانی خۆتان قانع بکەن بەوەی کە بەقەدەر نووکە دەرزیەك نزیکایەتیتان لەگەڵ ئازادی و مافە سەرەتایەکانی ئینسان هەیە. یان بۆچی لە بازگەی تاسلوجە بەگەورەیی نانوسن ( لە لای یەکیتی قسە کردن لەسەر سیاسەت قەدەغەیە) بۆ ئەوەی ئاسایشەکەتان زۆر قەربالخ نەبی, وە ناچار نەبن کە ئەمنە سورەکە بکەنەوە بە شوینی بەند کردنی ئازادی خوازان.

من لێرەوە بانگەوازی ئەندامان و کادرانی ریزەکانی یەکیتی دەکەم هەڵوێست دەربرن و ئەم تاوانە محکوم بکەن و داوای دەستبەجی ئازاد کردنی رێبورا عارف بکەن و ریزەکانی یەکیتی بەجیٚ بهێلن. بەم جۆرە خۆتان لە مێژووی رەش و پر لە تاوانی ئەم ئینسان کوژو بەکرێگیراوانە جیابکەنەوە.

.